# ناڕەزاییەکانی پوولەکەی پاپا

12-03-2021

### نووسەرەکان

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** تورکیا و ئێران ناڕەزاییەکی توندیان پیشانداوە بەرامبەر پوولێك کە بە بۆنەی هاتنی پاپاوە لە هەرێمی کوردستان نمایشکرابوو. ئەوەیان بە"هەڵەی گەورە" و" کردەی نادۆستانە" ناوبردووە و داوای راستکردنەوەیان کردووە. لە پوولەکەدا نەخشەی کوردستانی گەورە لە پشت سەری پاپا دانراوە و ئەمەش، وەکوو خواستی هەرێمی کوردستان بۆ داواکردنی خاك لە ئێران و تورکیا لێکدراوەتەوە.

زریان رۆژهەڵاتی

**بەرایی**

تورکیا و ئێران ناڕەزاییەکی توندیان پیشانداوە بەرامبەر پوولێك کە بە بۆنەی هاتنی پاپاوە لە هەرێمی کوردستان نمایشکرابوو. ئەوەیان بە"هەڵەی گەورە" و" کردەی نادۆستانە" ناوبردووە و داوای راستکردنەوەیان کردووە. لە پوولەکەدا نەخشەی کوردستانی گەورە لە پشت سەری پاپا دانراوە و ئەمەش، وەکوو خواستی هەرێمی کوردستان بۆ داواکردنی خاك لە ئێران و تورکیا لێکدراوەتەوە. ساڵی 2017ش سەرەتاییترنی مافی هەر نەتەوەیەك بۆ دەربڕینی خواستی خۆی لەبارەی چارەنووسەکەی لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن تورکیا و ئێران وعێراقەوە سەرکوتکرابوو. بەرپرسانی ئەنکەرە و تاران باش دەزانن کە جارێ، هیچ پرۆژەیەکی سیاسیی کردەنی بۆ دامەزراندنی کوردستانی گەورە لە ئارادا نییە، کەوابوو هۆکاری ئەو هەڵوێستە چییە کە تورکیا و ئێران پیشانیان داوە؟

**ناڕەزاییەکەی تورکیا و سیاسەتی نێوخۆیی**

بەردەر لەو هەستناکییە نەریتییەی کە دەوڵەتی تورکیا بە بابەتەکانی پەیوەست بە بیری ناسیۆنالیستی کوردییەوە هەیەتی، پێدەچێت ناڕەزایی ئەمجارەیان، لە پوولەکەی پاپا زیاتر، رەهەندێکی نێوخۆیی هەبێت. ناڕەزاییەکەی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لەدوای لێدوانێکی عومەرچەلیك وتەبێژی پارتی دادوگەشەپێدان هات. ئەو پارتەی بۆ نزیکەی دوو دەیە دەڕوات کە سوکانی دەسەڵاتی تورکیای بەدەستە، ئێستا رووبەڕووی دۆخێکی جەماوەری خراپ بووەتەوە. تا ئێستاش هەر نەتەوەگەراکان دوایین چانسی ئەردۆغانن بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بیهێڵنەوە، بۆیە گوتار و سیاسەتەکانی، زیاتر بەپێی خواستی ئەوان رێکدەخات. بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنیش بە ئاگاداربوون لە رەهەندە نێوخۆییەکەی ئەم پرسە، بە تەمایە ئەمە بۆ تەنگەتاوکردنی ئەردۆغان بەکاربهێنێت.

دوو پارتی سیاسیی گرنگ لە ئاکپارتی جیابوونەتەوە کە دەیانەوێت جەماوەرە ئیسلامییەکەی ئەو حزبە بۆ خۆیان بماشنەوە و بەپێی راپرسییەکانیش، لەوانەیە 5%-6%ی دەنگەکانی لێ ببەن. ئاکپارتی لە دوایین هەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا، لە هەندێك لە شارە گەورەکانیشدا دۆڕاندی و سیاسەتەکانیشی بۆ رێگرتن لە چوونی دەنگی کوردەکان بۆ هاوپەیمانیی میللەت(جەهەپە و ئیی پارتی دوو لایەنی سەرەکیی ئەو هاوپەیمانییەن وهەدەپەش وەك هاوپەیمانە ناڕەسمییەکەی ناوی دەرکردووە.) سەرینەگرت.

گەلێك لە راپرسییەکانی ئێستاش وای پیشاندەدەن کە هاوپەیمانییەکەی ئاکپارتی لەگەڵ مەهەپە لە هەڵبژاردنێکی گریمانەییدا دەنگی جاران بەدەستناهێنێت و زیاتری لە کیس دەچێت. ئەگەربێتو پێشبینیی راپرسییەکان راست دەرچێت، تەنانەت خودی سەرۆککۆماریش دەنگی 50+1 بۆ وەرگرتنەوەی پۆستەکەی بەدەستناهێنێت. لەوەش کرنگتر ئەوەیە کە هەندێك لە راپرسییەکان وایدەردەخەن کە ئەگەر زۆرە، مەهەپەی هاوپەیمانی ئاکپارتی لە ژێر بەربەستی 10%ی هەڵبژاردندا بمێنێتەوە. بۆیە وادیارە کە ئاکپارتی لەگەڵ ئەوەی کە پێی باشە بەرەی نەیارەکانی دابەشبێت، وەك ئەگەری جیابوونەوەی رەسمیی موحەڕەم ئینجە لە جەهەپە، راکێشانی باڵێکی پارتی سەعادەت یان تەنانەت جیابوونەوەیەکی گریمانەیی گرووپێك لە هەدەپە، کار بۆ ناچارکردنی ئیی پارتی، حزبەکەی مەرال ئاکشنەر دەکات بۆ چوونە نێو هاوپەیمانیی جمهور(هاوپەیمانی ئاکپارتی- مەهەپە) یان لانیکەم دوورکەوتنەوە لە جەهەپە. ئەمەش پێویستیی بە گوتارێکی بەهێزی نەتەوەگەرایی هەیە.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە هەرچەندە باسی هەڵبژاردنی پێشوەخت لە ئارادا نییە بەڵام کەش وهەوای سیاسی تورکیا بەجۆرێکە کە وەك بڵێی بەرەو هەڵبژاردن دەچێت. بەپێی یاساکانی تورکیا، هەر حزبێك لانیکەم لە 41 پارێزگادا بارەگای نەبێت و کۆنگرەی پارێزگاکانی نەکردبێت، ناتوانێت بەشداری لە هەڵبژاردن بکات. ئەگەر ئەوانەشی کردبێت، دەبێت لانیکەم 6 مانگ بەسەریدا تێپەڕیووبێت. بەگوێرەی ئەو مەرجانەش بێت، پارتی داهاتووی ئەحمەد دادوئوغڵوو لانیکەم لە مایسی ئەمساڵ بەدواوە دەتوانێت مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن بە دەستبێنێت و پارتەکەی عەلی باباجان(دەوا)یش لە حوزەیران بە دواوە ئەو مافەی دەبێت. دەستەی باڵای هەڵبژاردنی تورکیاش، لە کۆتاییەکانی مانگی 1ی ئەمساڵدا، ناوی 17 حزبی بڵاوکردۆتەوە کە مەرجەکانی بەشداربوونیان لە هەڵبژاردن تێدایە و لەو لیستەشدا، ناوی حزبەکەی باباجان و داودئوغڵوو نییە.[1]ئەمەش ئەو گومانەی درووستکردووە کە لەوانەیە ئاکپارتی بە تەمابێت بەرلە حوزەیران، بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختە لە پەرلەمان دەربکات تا رێ لە بەشداریکردنی حزبەکەی باباجان لە هەڵبژاردن بگرێت. چوونکە زیاترین دەنگی لێ دەبات. بێگومان ئەگەر بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختیش بدرێت، گوتاری نەتەوەگەرایی- ئیسلامی زیاتر لە هەر گوتارێکی دیکە بە کەڵکی ئەردۆغان دێت.

**ناڕەزاییەکەی ئێران لە پوولە یان لە پاپا؟**

دەکرێ ناڕەزاییەکەی ئێران لە پوولەکەی پاپا زیاتر، لە چوارچێوەی سیاسەتی نویی ئەو وڵاتە بەرامبەر عێراق و هەوڵەکانی بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لە تورکیا، ئەویش دوای لێدوانەکانی ئیرەج مەسجدی  لە دژی تورکیا سەیربکرێت کە گوتبوی پێویستە ئەنکەرە هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە. ئێران لەسەر پوولەکەی پاپا ناڕەزایی گەیاندۆتە حکومەتی عێراق. ئەمەش  لەکاتێکدایە کە لەگەڵێك لە کێشەکانی رابردوودا، وك تورکیا راستەوخۆ رووی دەمی لە هەرێمی کوردستان دەکرد. بەکارهێنانی ئەم بابەتە وەك کارتێکی گوشار لە بەرامبەر حکومەتی بەغدا، پەیوەندیی بەو لالووتییەوە هەیە کە بەگشتی تاران لە حکومەتەکەی کازمی هەیەتی و لە دوای هاتنی پاپاش زیاتر بووە.

هاتنی پاپا بۆ عێراق بە گشتی، بۆ شیعە و بۆ کوردیش واتایەکی گرنگی هەبوو. مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق چەند جارێك باسی لە پرۆژەی شامی نوێی کردووە و لانیکەم بەشێك لە سەرکردەکانی عێراق لەگەڵیدا هاوڕان کە عێراق لە جەمسەرگیری وهاوپەیمانییە رکابەرەکانی ناوچەکەدا، رۆڵێکی ناونجیی هەبێت. هەرچەندە ئەستەمە عێراق بتوانێ بێلایەن بێت، بەڵام هاتنی پاپا یارمەتیدەری بیرۆکەکەی مستەفا کازمییە سەبارەت بەوەی کە وڵاتەکەی شوێنی بە یەکگەیشتنی لایەنەکان بێت نەك جێگای بەریەککەوتن. بێگومان ئەمە دەتوانێت پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتیش پەیدا بکات. ئەمەش شتێك نییە کە بەدڵی ئێران بێت.

هاتنی پاپا پێگەی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانیشی وەك مەرجەعی باڵای دنیای شیعی بەهێزترکردووە. رکابەری نێوخۆیی مەرجەعییەتەکانی شیعە شتێکی دوور لە واقیع نییە. عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی ئەوە دەکات کە زاواکەی ئایەتوڵڵا سیستانی لە وتەیەکی ئەحمەد جەنەتی یەکێك وتاربێژەکانی نوێژی هەینی تاران و بەرپرسانی پلەبەرزی ئێران نیگەران بووە کە مەرجەع بوونی ئایەتوڵڵا سیستانیی بە کاری ئینگلیزەکان ناوبردبوو. بەشێك لە لایەنگرانی ئایەتوڵڵا سیستانی دەستەواژەی "ئیمام"ی بۆ بەکاردێنن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە وەلائیەکان، عەلی خامنەیی رابەری ئێستای ئێران بە شایستەی پلەی"ئیمام"ی دەزانن. بە ئەگەری زۆر، هاتنەکەی پاپا بە کەیفی ولائییەکان نەبوو، بەڵام دواجار مەرجەعییەتی نەجەف و سیستانیش نەیانویست بە تەواوی ئێران لە خۆیان بکەنە دوژمن، بۆیە لە بەیاننامەی دیدارەکەیدا لەگەڵ پاپا، لەڕێی باسکردنی" گەمارۆ" و" داوای دانوستاندن" لە زلهێزەکان، بەشێك لە خواستەکانی تارانیشیان لە پێشچاو گرتبوو. هەڵبەت ئەمە ناتوانێت رێ لەو درزە بگرێت کە لە بەینی مەرجەعییەتی نەجەف- قوم و سیستانی- خامەنەییدا درووستبووە و لە 2003 بەدواوە هەرچی چووە گەورەتر بووە.

هەرلە سەروبەندی هاتنەکەی پاپادا، موحسین رەزایی فەرماندەی پێشووی سوپای پاسدارانی ئێران رایگەیاندووە کە ئیدی لەمەودوا، ئەگەر یەك دۆلاریش بۆ عێراق و سووریا خەرج بکەن، وەریدەگرنەوە." ئابووری بۆ ئێمە گرنگە، ناکرێ ئێمە یارمەتیی عیراق و سووریا بدەین بۆ ئەوەی ئاسایشیان هەبێت و دواتریش وڵاتی دیکە سوود لە ئابوورییەکەیان وەربگرن."[2]هەرچەند دواتر وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئەو قسانەی بە بۆچوونی شەخسی رەزایی ناوبرد، بەڵام دواتر حەسەن رۆحانیش داوای لە مستەفا کازمی کرد کە پەلەبکات لە پێدانەوەی قەرزەکانی ئێران! رۆژێك دواتریش، ئیرەج مەسجدی و وەزیری دارایی عێراق لەسەر پرسی قەرزەکان کۆبوونەوە. سەرچاوە ئێرانییەکان باس لە قەرزێکی 5-6ملیاردۆلاری دەکەن لە هەقی ئەو کارەبا و گازەی کە داویانە بە عێراق. مەزهەر محەمەد ساڵح راوێژکاری ئابووری سەرۆکوەزیرانیش گوتوویەتی کێشەکە لەوەدایە کە ئێران دیناری ناوێت و داوای دۆلار دەکات لە هەقی قەرزەکانی، ئەمریکاش ناهێڵێ دۆلاریان پێبدەین.[3]ئەم پەلەیەی کە ئێستا ئێران بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانی لە عێراق دەیکات، لەلایەکەوە پەیوەندی بە دۆخی خراپی ئابووری ئیرانەوە هەیە. چاوەڕوانییەکانی بەرپرسانی تاران سەبارەت بە ئیدارەی بایدن رێك دەرنەچوو. بۆیە دەیانەوێ رێگایەکی خێرا بۆ دەستخستنی دۆلار پەیدا بکەن. بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە دوور نییە کە قسەکانی رەزایی، رازی دڵی بەرپرسانی ئێران بێت بەرامبەر عێراق و حکومەتەکەی مستەفا کازمی.

**ئەنجام**

ئەگەر زۆر دووریش نەڕۆین، هەر ساڵی 2016بوو کە سەرۆککۆماری تورکیا گوتبووی:"برۆن سەیری مێژوو بکەن، مووسڵ هیٚ ئێمە بوو."هەروەها عەلی یونسی راوێژکاری حەسەن رۆحانی سەرۆککۆماری ئێرانیش گوتبووی"بەغدا پایەتختی ئێمەیە."بۆیە فراوانخوازی، زیاتر لە پرۆژە و بیری سیاسی ئێران و تورکیادایە لەم ناوچەیە. پوولەکەی پاپاش هیچ پرۆژەیەکی سیاسی کردەنیی لە پشت نییە. هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا کە هەڵەوگیری کێشە دارایی و ئابوورییەکانی خۆیەتی و لە هەوڵەکانی بەغدا بۆ لاوازکردنی خۆی بەدگومانە، نە توانای ئەوەی هەیە کە کار بۆ بیرۆکەی کوردستانی گەورە بکات، نە ئەو خواستەشی هەیە. ناڕەزاییەکەی حکومەتی تورکیا کە راستەوخۆ ئاراستەی هەرێمی کوردستان کراون، زیاتر بۆ ئەوەیە کە شەقامی نەتەوەگەرای تورکی بکاتە بەردەنگی خۆی. ناڕەزاییەکەی ئێرانیش کە ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی عێراق کراوە زیاتر بە ئامانجی تەنگەتاوکردنی وەزیرە کوردەکە و حکومەتەکەی مستەفا کازمییە!

https://www.cumhuriyet.com.tr/haber/ysk-secime-girme-yeterliligine-sahip-17-partiyi-acikladi-1809062- [1]

/https://www.irna.ir/news/84255186 [2]

[3]

https://mdeast.news/2021/03/09/%d8%a7%d9%85%d9%88%d8%a7%d9%84-%d8%a7%db%8c%d8%b1%d8%a7%d9
%86-%d8%af%d8%b1-%d8%ad%d8%b3%d8%a7%d8%a8-%d9%87%d8%a7%db%8c-
/%d8%b9%d8%b1%d8%a7%d9%82-%da%86%d9%82%d8%af%d8%b1-%d8%a7%d8%b3%d8%aa-%d9%88